# بڕوخێ شەڕ

## شیعری مووەفەق ئەلسەواد

**وەرگێرانی مەحموود محەمەد عوسمان**
m_o_osman@hotmail.com



سێ هاورێم لەم دیوانە شیعرەی مووفەق ئەلسەواد، کۆبوونەتەوە. دیوانەکە بەناوی خێزانی فیتنەیە. بەرگی دیوانەکە پۆرترێتی شاعیرەکەیە بە پەنجەکانی هونەرمەند سەتار کاووشە. پێشەکییەکەی لە نووسینی چیرۆک نووس و رەخنەگری عێراقی عەدنان حوسێنە، کە هاوشارمە و لەقۆناغەکانی خوێندنیش پێکەوە بووین. هەرسێکیانیش لە هۆلەندا ئەژین.
شیعرەکانی شێوەیەکی تری هەیە. دوور لە کۆت و بەندی هەندێ تێروانین یان پێکهاتەی شیعری. رەنگە لەم چەند پارچە هەڵبەستەدا هەست بە چەند گۆشەیەکی سریالی بکەیت. بەڵام من لە کۆی شیعرەکاندا ئەو هەستە دوور ئەکەوێتەوە لێم.

ساڵی 1971 لە بەسرە/عێراق، لەدایک بووە. زۆرێک لە شیعرەکانی لە رۆژنامە هۆڵەندی و عەرببیەکان بڵابوونەتەوە.
ساڵی 2002، خەڵاتی کۆچی بەدەست هێنا، کە تەرخان کراوە بۆ ئەدەب، و پێشکەش ئەکرێ بە نووسەرانی بێگانە لە هۆڵەندا.
ئەم کۆمەڵە شیعرانەی بە چاپ گەیاندووە.
1- ( رۆژی سپی وەک شیر ) بەهۆلەندی، ساڵی 2002.
2- دەنگەکانی ژێر خۆر.
3- کتێبێک لەگەڵ هونەرمەند سەعەد جاسم بەناونیشانی ( 1001 شەو وشەویێکی چاوەڕوانی ). بە عەرەبی و ئنگلیزی و هۆڵەندی.




## برۆخێ شەڕ

لە شاشەی تەلەفزیۆنەکانەوە
دەستی قوربانیان ئەگوشین.
لەسەر ملوانەکانیان
تەپوتۆزی شەڕەکان ئەسڕین.
نیگا ئازارەکان ئەگۆڕینەوە
ئەلەرزین، و
لەشیشمان ئەلەرزێ.
هەموومان هاوار ئەکەین
برۆخێ شەڕ.
بەڵام جەنەڕاڵەکان
لوولەی تانکەکانیان ئاڕەستەی وڵاتێکی تر ئەکەن

***************************

## بریندارەکە بەخەبەردێت

لەدواهەمین شەڕ
پێش ئەوەی بمرم
لەتوێ پەنجەکانمدا هەورەکانم ئەشاردەوە.
وا بۆ خۆمی ئەدرکێنم

من تەنها پیاوێک بووم!
کە ئێسکی گوڵی بینی.
تەنها من بووم!
مردووەکانی بینی لەکاتی خەون هێڵنجدانیان.
تەنها من بووم!
لە گرفانیدا فیشەکێکی ساردەوەبووی هەڵگرتبوو.
منم تەنها!
F16بینی
سەرینی مناڵەکانی کون کون ئەکرد.
من بووم!
دوونیام پڕکرد لە هاوارەکانم.
لەکاتی هاوارکردنمدا
مووشەکەکان نزیک ئەبوونەوە.
لەنێوان ئەو تەپانەی کە لە مردووەکان درووستکرابوو
هاوارم ئەکرد
شەڕ نامرێ
خوێنم ئەیخواتەوە.

***********************************

..........................................................................

## سیناریۆیەکی کورت بۆ خەونێک

شەوی دوێنێ
پێستەکەم بە هەڵواسراویی بە جێهێشت
لە دەرگای ژورەکە.
چەند مەترێک بازمدا
لە دەفەی سنگمەوە.
شەوی دوێنێ
دەرگاکەم بە کراوەیی بە جێهێشت.
ئەو کاتەی ئەستێرەناسەکان هاتنە ژورەکەم

بەدوایاندا مۆسیقا ژەنەکان
فویان بە ئامێرە ژەنگاوییەکانیان ئەکرد،
ئەندازارییەکانیش تەنهایمیان ئەنەخشاند.
کە تەواو بوون
دیوارێکی کراوەیان بە جێهێشت
لە سییەکانمدا.
هەموو ئەمانەم دیقت ئەدا
هەوڵمدا قسەیان لەگەڵ بکەم
لێوەکانم کەوتنە خوارەوە،
ویستم بە دەستم بیانگرم
بەڵام هەورێکی زیوی بەرزبووەوە
هەموو شتەکانی لەیەک ئاڵۆزان.
بەڵام پێستە هەڵواسراوەکەم بە دەرگاکەوە
نەختێ لەرزییەوە
خەونەکە بەسەر زەویدا کەوت.
جێی خەوەکەم بە ئەسپە کێویەکان پەرژین کرابوو
وژنانیش چیرۆکیان ئەگێرایەوە
بۆ شارێک کە عاشقەکانی ئەکوشت.
هەوڵمدا ئێسکەکانم پاڵپێوە بنەم
بۆ دەرەوەی خەوتن،
لە ناکاو ئەستێرەناسەکان دەرکەوتن،
دەستنووسەکانیان و ئامێرەکانیان ئەشاردەوە
لە ژێر بەڕەکاندا.
لە ناکاو یەکێکیان
پێستە هەڵواسراوەکەی دەرگاکەی گرت و
لە پەنجەرەکە فڕەی دایە خوارەوە
************************************
................................................................